

# تەنکترین هاندی مۆبایلی جیهان

ئـــەوە یەکەمجار نییە و ڕەنگە دواجاریش نەبێت کە بـــاس لە تەنکترین مۆبایلـــی جیهان دەکەین، کۆمپانیـــاکان هەروا لە ڕکابەریـــدان کە داهێنانی نوێ لە تەکنەلۆژیای سەردەمدا ئەنجام بدەن. هەتا ئەو سەردەمە تەنکترین مۆبایلی جیهان، مۆبایلی جۆری GIONEE GN9005ە، مۆبایلی ناوبراو بارستاییەکەی تەنیا 5 ملمە. مۆبایلی ئایفۆن 5 کە وەك مۆبایلێکی تەنك سەیر دەکرێت، بە بەراورد لەگەڵ ئەم مۆبایلە زۆر ئەستوور دێتە بەرچاو.

مۆبایلە تەنکەکە شاشەکەی نزیکەی 5 ئینجە و کوالیتییەکەی HDیە. چوار یەکەی لێکدەرەوەی هەیە و خێراییەکەی 1.2 گیگایە و ڕامەکەی 1 گیگابایتە. میمۆری مۆبایلەکە 16 گیگابایتە. کامێرای پێشـــەوەی 5 میگا و هی پشتەوەی 8 میگاپیکســـلە و سیستەمی ئەندرۆیدی 4.3 ی لەسەرە.



# گوستیلەی سیحری بۆ هەموو ئەرکێک

ڕەنگە هەندێکتان زنجیرە فیلمی (ســـەرۆکی ئەلقەکان)تان دیبی، گوستیلەیەك کە جیهان بەهۆی ئەوەوە هەڵدەسووڕدرێت! یان گەر گوێتان دابێتە چیرۆك و ئەفسانەکانی لای خۆمان بیستوومانە کە سیحربازێك بە گوستیلەیەکی هەموو فەرمانێك ئەنجام دەدات..

گوســـتیلەی NODیش لەم ســـەردەمەدا ڕۆڵی گوســـتیلەی سیحری دەبینێ، گوستیلەکە زۆر سادەیە بەڵام هەرکە لە پەنجەت خست ئیدی هەموو فەرمانەکان لەدەستی تۆدان. بەهۆی گوســـتیلەکەوە دەتوانیت مۆبایل، تەبلێت، چاویلکەی هۆشـــمەند، تەلەڤزیۆن، کاتژمێر و کامێرا و هەر ئامێرێکی دیکەی هۆشـــمەند وەکار بخەی و کۆنترۆڵی هەموو ئەوانە لە دەســـت تـــۆ دابێت بۆ نموونە کاتێك لە کامێراکەت پەیوەند دەدرێ، بە داگرتنی دوگمەی ســـەر گوســـتیلەکەت وێنە دەکێشـــێ، یان کاتێك لە مۆبایل پەیوەنـــد دەدرێ بە داگرتنی دوگمەیەك وەڵامی پەیوەندییەکان دەدەیـــەوە یان لە دوورەوە کۆنترۆڵی تەلەڤزیۆن بکەی، گوســـتیلەکە سیستەمی بلوتوسی لەسەرە و لەگەڵ زۆربەی سیستەمەکانیش دەگونجێت.



## ئەدیداس و بازووبەندێکی هۆشمەند

بازووبەند لەراستیدا لەگەڵ کاتژمێری دەست لە رووی ستایلەوە جیاوازێکی ئەوتۆیان نییە، تەنیا ئەوەندەی هەیە ئەویان یەکپارچەیە و لەشـــێوەی بازنە دەچێت. لەم دواییەدا بازووبەندە سمارتەکان خەریکـــن جێ پێی کاتژمێری دەســـت لێژ بکەن و کاتژمێری دەســـت لە مەیدانەکە دووربخەنەوە. کۆمپانیاکانـــی بەرهەمهێنـــی ئامێری دیجیتالی لە بـــواری بەرهەمهێنانی بازووبەندەوە لە رکابەری دان، کۆمپانیای ئادیداس کە زۆرتر چالاکییەکانی لە بواری وەرزشـــیدا چڕ کردۆتـــەوە، لەم دواییەدا بازووبەندی MICOACH FIT SMARTی خســـتە بـــازاڕەوە، ئەم بازووبەندە جگە لـــە ئەرکی خۆی، کالۆری دەپێوێ، لێدانی دڵ دەزانێت، مەودای ئەو رێگای بە پێ پێیدا رۆیشتووی دەپێوێ. کاتژمێرەکە دوو رەنگی هەیە و چەند گلۆپێکی LEDیشـــی بۆ نیشاندان تەندروستی بەکارهێنەرەکەی لەسەرە. بازووبەندەکـــە زانیارییەکان لەخۆیدا خەزن دەکات و بـــۆ مۆبایلێکی هۆشـــمەندی دەگوازێتەوە. ئەپلکەیشـــنێکیش بەنـــاوی FIT SMART لەسەر مۆبایل بەشـــێوەیەکی گرافیکی جوان زانیارییەکان نیشان دەدات.



## شەحنکەرەوەیەکی وایەرلەیس و دیزاینێکی سەرنج راکێش

شەحنکردنەوە یان بارگاوی کردن یا وزەخستنەوە ناو ئامێرە دیجیتالییەکان وەك هەناسەدان دەچێت بۆ زیندەوەرەکان کە هەناســـەدان نەما ئیدی گیانیش نامێنێ، لە ئامێرە دیجیتالییەکانیش هەروایـــە، جار هەیە لە نـــاو پەیوەندییەکی گەرمدا بە مۆبایلەکەت لەناکاو شـــەحنی نامێنـــێ و پەیوەندییەکە دەپچڕێت، یان خەریکی وێنەگرتنی بە کامێراکەت دیمەنێکی سەرنج راکێش دەبینی، بەڵام کامێراکە شـــەحنی نەماوە، کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ئامێری ئەلکترۆنی هەوڵەکانیان بۆ ئەوەیە ئەم شـــەحنی وایەرە نەمێنێ و شەحنکەرەوەیەکی بێ وایەر جێـــگای بگرێتـــەوە، هەوڵەکانیشیان سەرکەوتوو بووە.

لەم دواییەدا شـــەحنکەرەوەی وایەرلەیســـی جۆری SWICH بەرهەم هاتووە کە دیزانێکی زۆر سەرنج راکێشی هەیە و دەکرێ لەســـەر مێزی کارتان هەبێت و بە ئاســـانی بەبێ وایەر ئامێرەکانی بەردەستت شـــەحن بکاتەوە. شەحنکەرەوەکە لە دارەگوێزی ئەمریکی و سیرامیك چێکراوە و جگە لە ئامێرە ئەلکترۆنییەکەی ناوی.

# کیبۆردە تایبەتەکانی

٢

یاری ئەلکترۆنی واتە گەیم لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەتایبەتی وڵاتانی پێشکەوتوو گرنگی زۆری پێدەدرێت و تا رادەیەك شوێنی گەمەی جەستەیی گرتۆتەوە، هەرچەندە لەم هەرێمەی ئێمەشدا گەمەکردن لەسەر کۆمپیوتەر و مۆبایل کە بەداخەوە جار هەیە رۆڵی نەرێنی دەگێڕێ بە زۆری هەست پێدەکرێ، جار هەیە دەچییە ئیدارەیەك، یان نووسینگەیەك و ئەرکێکی گرنگت هەیە، کارمەندانی ئەو ئیدارە یان نووسینگەیە لەبەر یاری کردن بە کۆمپیوتەر و

## کیبۆردی جۆری :poccat ryos MK

ئەم کیبۆردە لە زنجیرەی کیبۆردەکانی تایبەت بە یاری دێتە ژمار، و لەلایەن کۆمپانیای Roccatەوە بەرهەم هاتووە، دوگمەکانی هەم بەشێوەی دەست و هەم بەشێوەی سمارت و هۆشمەندانە ڕێك دەخرێن. کیبۆردەکە خۆی رامەکەی 2 مێگابایتە. کیبۆردەکە لەگەڵ دوگمەی گوێی شێوە لەبری ماوس بۆ ئەنجامدانی یارییەکان سوودی لێوەردەگیرێ.





## کیبۆردی جۆری :Razer TRON

کە بۆ یەکەمجار ئەم کیبۆردە دەبینی رووناکی کیبۆردەکە سەرنجت بۆ لای خۆی رادەکێشێ و بەبیر فیلمی ترۆنت دەخاتەوە. کیبۆردەکە ماوسێکیشی لەگەڵدایە ستایلەکان جۆرێکە کە گەیمەر لەخۆیەوە دەخوازێ یاری پێبکات.

# پرۆگرامی چێکردنی ئەنیمە

ئەگەر تۆ یەکێکی لەو کەسانەی کە حەز دەکەی فیلمی ئەنەیمەشن و وێنەی سێ رەهەندی چێ بکەی ئەوە دەتوانیت سود لە پرۆگرامی Electric rain swift 3D وەربگری. زۆربەی پرۆگرامەکانی سێ رەهەندی بۆ نموونە 3D max ئەوەندە ئاڵۆزە کە بەکارهێنەرێکی ئاسایی تێناگات. ئەم پرۆگرامە لەگەڵ Adobe flash دەگونجێت و جوانترین فلاشی پێ چێ دەکرێت.

تواناکانی پرۆگرامەکە ئەمانەن:

- چێکردنی فایلی وێنەیی Quiktime و AVI.
- کوالیتی بەرز و ڤیکتۆری سەرنج راکێش.
- پێکەوە گونجان لەگەڵ پرۆگرامی فلاش.
- بوونی ئامرازی چێکردنی وێنەی 3D.

# یاریی ئەلکترۆنی

مۆبایل ئەرکی خۆیان لەبیـــر دەچێتەوە و درەنگ وەڵامت دەدەنەوە.

یاریی ئەلکترۆنی زۆر ئامێـــری تایبەتی بۆ چێکراون، هەروەها ئامێری لاوەکی وەك جویستیك و ماوس و کیبۆردی تایبەتیشی بۆ چێکراوە. لێرەدا هەوڵ دەدەین چەندین کیبۆرد کە تەنیا بۆ یاریی ئەلکترۆنی چێکراون بناســێنین، دیارە ئەم کیبۆردانە ئەرکی کیبۆردی ئاسایش ئەنجام دەدەن.

## کیبۆردی جۆری :RK-9200

ئەم کیبۆردە بەرهەمی کۆمپانیای ROSEWILL ە، ئەزموونێکی نوێ و چێژێکی نوێ لە یاریکردندا بە بەکارهێنەرەکەی دەبەخشێ. کیبۆردەکە گلۆپەکانی رووناکی بە دوو رەنگ خۆیان دەنوێنن. کیبۆردەکە خێراییەکی زۆری هەیە هەربۆیە گەیمەر لە یارییەکەیدا هەست بەماندوویەتی ناکات.





## کیبۆردی جۆری :Corsair vengeance k90

ئەم کیبۆردە تایبەتە بە یاری چەند کەسی، یاری وەکو MMO و هەروەها یاری RTS یان یارییە ستراتیژییەکان. کیبۆردەکە بۆ گەیمەری زۆر تایبەتە و خاوەنی 18 دوگمەی مایکرۆیە، لەهەر کاتێکدا دەکرێت 54 فەرمان یان مایکرۆی سەربەخۆی بۆ دابنێی.

## ـــــەشن و وێنەی سێ رەهەندی

